مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٣ آب ٢٠١٧: ص ص٤٥٣-٤٨٢
DOI: 10.21928/juhd.20170820.17, e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# سیمیۆلۆژیای ڕەنگ لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا: دیوانی ڕەنگدان بە نموونە *

# Colour Semiotics in Sherko Bekas's Poetry: Rangdan Collection as an Example

**م.د. لوقمان ڕەئووف**
**پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان**
Lecturer Dr. luqman raouf
Kurdistan Technical Institute
E-mail: luqman.ali@kti.edu.krd

**بڕوانامە:**

ساڵی ١٩٩٧، کۆلێژی زمان ، بەش کوردی، زانکۆی سلێمانی تەواوکردوە، لەساڵی ٢٠١٠ نامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بە ناونیشانی ( ڕەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە والاکانی شێرکۆ بێکەسدا) لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە،ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەناونیشانی ( دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە ) لەزانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە.

**بلاَوکراوە:**

- بلاَوکردنەوەی لێکۆلێنەوەی زانستی لە زانکۆکانی هەرێم.

١. زانکۆی گەرمیان، فەرمانی ژمارە(٨) لە(٢٠١٥/١/١٤)بەناونیشانی(گوتاری بۆلیفۆنی لە شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا)

٢.زانکۆی گەرمیان، فەرمانی ژمارە(١٤) لە ساڵی(٢٠١٧)بەناونیشانی( سیمیۆلۆژیای کات لە شیعری کوردیدا١٩٥٠-١٩٧٥)

٣.زانکۆی کەرکوك، فەرمانی ژمارە(٣٩م ج) لە(٢٠١٥/٤/١٠)بەناونیشانی(کارنامەی ناونیشان لە دەقە والاکانی شێرکۆبێکەسدا)
http://www.iasj.net/iasj?func=issueTOC&isId=6550&uiLanguage=ar

٤.گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان، فەرمانی ژمارە(پ٢٤٨) لە(٢٠١٥/١٢/١٣)بەناونیشانی( سیمیۆلۆژیای ناونیشان شیعرەکانی گۆراندا)
http://kaj.kissr.edu.krd/en/PartA/journalIssues.php

٥.زانکۆی کەرکوك، فەرمانی ژمارە(٨١م ج/٥٣) لە (٢٠١٦/١/٢٥) بەناونیشانی (یاخیبوون لە شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا)

٦.زانکۆی کەرکوك، فەرمانی ژمارە(١١م ج/٤) لە(٢٠١٦/٦/٥) بەناونیشانی (وشەی فەرهەنگی لە شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا)

- بلاَوکردنەوەی سەدان لێکۆلێنەوەو وتار لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان
- بلاَوکردنەوەی (٢٤) کتێب لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و فکری و فەلسەفیدا

http://www.slideshare.net/luqmanraouf/edit_my_uploads

* ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە لە چوارەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی / نیسان ٢٠١٧

## الملخص

سيميولوجيا هي احدى النظريات الحيوية ما بعد الحداثة من خلال العلامات و مميزاتها، فإنه يتغلغل بعمقه نحو المعاني العميقة للنص.

ديوان رةنطدان للشاعر شيَركؤ بيَكةس هي واحدة من هذه المجموعات ذات العلامات المميزة، لأن الشاعر استخدم ١٢١٩ الألوان و العديد من الكلمات كعلامات مميزة فى قصيدة. اغلبية الألوان المستخدمة فى قصيدة هي الأزرق،الأسود، الأحمر ،الأبيض.

لكل لون من هذه الألوان لها معانيها الخاصة وآثارها الدقيقة مختلف الثقافات و النصوص ، حيث كان لها الاثر الفعال على اراء الناس، فهو يقوم بتصوير دور الالوان و علاقتة بحياة الناس، وهكذا فان استخدام رةنطدان و التى تعنى باقة الوان لا تخلو من الهدف، و لكنها تطرق بكل ماله من علاقة بالجوانب البيئية والنفسية والفكرية والثقافية للحياة.

## Abstract

Semiotics is one of the modern critical methods of postmodernism in which through signs, it digs deep into the depth of a text.Sherko Bekas's Rangdan collection is one of the collections in which signs are used abundantly because the poet uses colours 1219 times and many words are used as signs. The most used colours are blue, black, red and white. Each of these colours has its own meanings and implications in different cultures and texts; it has its role on people's views, and it depicts roles of colours in relations to the lives of people. Hence, the use of Rangdan, which means the collection of colours, is not without purpose, but it has everything to do with environmental, psychological, intellectual and cultural aspects of life.

## پێشەکی

دیوانی ڕەنگدان، یەکێکە لەشاکارە ئەدەبییەکانی شێرکۆ بێکەس، ئەمەش لەوەوەیە کە لەلایەك کۆی دیوانەکەی بریتییە لە چامەیەکی درێژ، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگ بووتە شوناس و شەبەنگ و یەکێك لەڕەگەزە هەرە سەرەکی و دیارەکانی جوانناسی و سەرنجڕاکێشی و بەمەدلولکردنی کۆی دیوانەکەی شاعیر، هەر لەبەرئەمەشە دیوانەکەی ناوناوە ڕەنگدان، لەلایەکی ترەوە ڕەنگ تەواوی کارئەکتەرو کەش و وێنە ئەدەبییەکان بەرهەمدەهێنێت، بەو پێیەی دەست بەسەر بەتەواوی ژیان و زانستە جیاوازەکانی دیکەشەوە دەگرێت، بەمانایەکی تر ڕەنگ پێکهاتەیەکی سەرەکی ژیان و گەردونەو ڕۆڵی لەسەر ڕەنگی مرۆڤەکان و پێست و موو لەڕووی جوان و ناشرینەوە هەیە. ڕەنگ لەدەقی شیعریدا، جارێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، زۆر جاریش وەك کەرەستەی خەیاڵی جۆراوجۆری شیعر ئامادەیی هەیە، ڕەنگەکان دەتوانن ڕۆڵی جیاواز لەشیعردا بگێڕن و شاعیر دەتوانێت بۆ دەرخستنی هەست و سۆزی خۆی بەکاریانبهێنن" بەو مانایەی شاعیرەکان لەپێناو دیاریکردنی وێنەی شاعیرانەو ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی بەشەکانی نێوان وێنە شیعرییەکان سودی

لێوەردەگرن"[١] لەڕاستیدا ڕەنگ لەدیوانی ڕەنگداندا بۆ شێرکۆ وەك پەنجەرەو هەنگاوێکی نوێ بوو، لەپێناو زیاتر ناساندنی هەم توانستیی شاعیرێتی خۆی، هەم ناساندنی دەق بەخوێنەر، بۆیە دەقی شیعریی شاعیر پڕە لەوێناو بەرجەستەبوون، بۆ ئەم بەستەش ڕەنگ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆیە ناسینی وشە، گرنگترین ڕۆڵی لە ناسین و لێکدانەوەی دەقدا هەیە، بۆیە وشەکان لەبیری شاعیرەوە هاتون و هەریەکەشیان دەلالەت لەو شتە دەکات، کە شاعیر پێی ئاشنان[٢] کەواتە هەموو شاعیرێك خاوەن وشەی تایبەت و وێنای خۆیەتی، دەشتوانێت لە وشەیەکدا ڕوانینی جیاوازی خۆی بخاتەڕوو، بۆیە پێویستە ئەوەبزانین کە چۆن بایەخی بەڕەنگ داوە، چ لەڕوانگەی ناسینی شاعیرو جۆری ڕوانینی بۆ ڕەنگەکان، یان چۆنیەتی ئامادەبوونی ڕەنگەکان لەدەقە شیعریەکەدا، ناسینی ئەم دوو خاڵەش، ئێمە لەمەبەستە سەرەکییەکەی شاعیر نزیك دەکاتەوە.

وشە کلیلییەکان:(سیمیۆلۆژیا، ڕەنگ، ڕەنگدان، ڕەنگەکان(شین. سوور. ڕەش. سپی....)، شێرکۆ)

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

١–ئایا ڕەنگ تەنها بۆ وەسفکردن بەکارهێنراوە، یان ماناو مەدلول تری پێبەخشیوە؟

٢– چەند ڕەنگ بەکارهێنراون و چ ڕەنگێك زۆرتر بەکارهێنراوەو بۆچی؟.

٣–ڕەنگ بابەتێکی نوێیە لەشیعردا، ئایا کەسی تر بەو شێوازە کاری لەسەرکردووە یان نا؟

## سنوەی لێکۆڵینەوەکە:

–لەبەرئەوەی شێرکۆ دیوانێکی تایبەت کردووە بە ڕەنگەوە، بۆیە تەنها دیوانی ڕەنگدان بەکارهێنراوە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

–بەوپێیەی کارکردنە لەسەر لێکدانەوەی دەق و دیاریکردنی ڕەنگ وەك نیشانەو خستنەڕووی ئامار، بۆیە میتۆدی سیمیۆلۆژی و ئاماری بەکارهێنراوە.

## چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا:

لەمڕۆدا میتۆدی سیمیۆلۆژیا بەیەکێك لە میتۆدە گرنگەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ دادەنرێت، چونکە لەڕێگەی نیشانە ئاشکراو نهێنییەکانی دەقەوە، لەیەککاتدا کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەو بنیادنانەوەی دەق دەکات، واتە کار لەسەر میکانیزمی بەرهەمهێنانی مانا دەکات، لەپێناو لەیەکتێگەیشتن لەچەند مانایی دەق و دەلالەتە شاراوەکانی لەسەر ئاستی روکەش و قووڵ، هەموو ئەمەش لەپێناو دەرخستنی توانست و ئاستی داهێنانی و وێناو ڕوانینەکانی شاعیرە لەدەقەکەدا.

١. نیکوبخت و قاسم زادە،زەمینەهای نمادین رنگ در شعر معاصر،نشریە دانشکدە(ادبیات و علوم انسانی دانشگاە شهید باهنر، کرمان، ژ ١٨ ، ١٣٨٤.ص٢٠٩

٢. احمد رضا عمران بور،اهمیت عناصر و ویژگی های ساختاری واژە در گزینیش واژەکان شعف، نشریە گوهر گویا ،١٣٨٦،ص١٥٥.

هەرچەندە سیمیۆلۆژیا هەردوو زاراوەی سیمیۆلۆژیا(Semiologie)و سیمیۆتیکا (Semiotique)ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام هەردووکیان لە وشەی (Semio)وەرگیراون و بنچینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Semeion) واتە نیشانە، بەڵام تەنها لەرووی سەفێکسەکانیانەوە (suffixe) جیاوازن، بەوەی لە زاراوەی یەکەمدا (logie) بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Logos) واتە گوتار، هەندێ جاریش بەواتای زانست هاتوە، لەزاراوەی دووەمیشدا (Tique) کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی و بەواتای ڕێژەیەك لە دیالێکتیکی بەکارهاتووە [1]. سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە لە ئاماژەو هێماکان دەکۆڵێتەوە، بەو ئەندازەیەی لێکۆڵینەوە دەکات لە پەیوەندیەکانیان بەواتاو دەلالەتە جیاوازەکان، کە ئەتوانرێت ئاماژەیان پێبکرێت [2]، بۆیە سیمیۆلۆژیا زانستێکە دراسەی ژیانی هێماو دەلالەتە بەکاربراوەکان لەناو کۆمەڵگەدا دەکات، و زانستێکە لە جۆری دەلالەتە زمانیەکان دەکۆڵێتەوە، لەهەمانکاتدا سودمان پێدەگەیەنێت، هەروەها بابەتەکەش لە کۆمەڵێك کۆنتێکست پێکهاتوە، کە لە خۆوە دەلالەتەکانی بونیادنراون "[3]، یاخود "سیمیۆلۆژیا واتە لێکۆڵینەوە لە سیستمێکی دیاریکراو لە سیستمەکانی پەیوەندی لە ڕێگەی نیشانەو ئاماژەکانییەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە دەلالەتی واتاکان، بەتایبەتیش لە سستمی زمانەوانی‌دا "[4]، یان سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر سیستمی نیشانەکان دەکات، لەپێناو بەرهەمهێنانی مانای مەبەستدار لەدەقدا، بەمانایەکی تر " بریتییە لە یاری هەڵوەشاندنەوەو بونیادنانەوە "[5]بەوپێیەی سیمیۆلۆژیا کارکردنە لەواتاو مەدلولدا، بۆیە ئەم بۆچوونە لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵنەداوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەنجە قووڵانەی، کە لەبیری فەیلەسوفاندا بوونی هەبووە" ئەگەرچی کاری سیمیۆلۆژیا لە چەمکی نیشانەوە دەستپێدەکات و لە زمانە بیانییەکاندا بە (Signe) ناسراوە، کە دارێژراوی وشەی یۆنانی (سیمون)ەو وەك زاراوەیەکی تەکنیکی(التقنی) لای (بارمنیدس ، أبو قرات)و وەك هاوواتای وشەی نیشانە دەرکەوت. ئەم چەمکە زمانیەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە چەمکی ناوبراو جیاوازی نییە لەگەڵ لۆژیك، کە ڕێگەیەکە بۆ بەڵگەو نیشانەکان "[6] لەگەڵ ئەمەشدا زانستی سیمیۆلۆژیا یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنەییە نوێکانی پاش بوونیادگەری، بەڵام بۆخۆی پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، چونکە بیری سیمیۆلۆژی لە کاری پزیشکی و لۆژیکدا خۆی ناساندوە [7]

کۆی ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێن کە"سیمیۆلۆژیا زانستێکە لە نیشانەو ئاماژەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندییە کارنامە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەق، بەڵام نیشانە بەتەنها نا، بەڵکو لەکۆی نیشانەکانی ناو دەق، چونکە

١ –عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و السيمياء الادب،منشورات الاختلاف،بيروت، ٢٠١٠،ص١٧

٢– د. فرج عبدالقادر طه واخرون، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، دار سعاد الصباح، كويت، ط١، ١٩٩٣،ص ٤٠٣

٣ – فردیناد دي سوسير ، ترجمة عبدالقادر قنيني ، محاضرات في علم اللسان العام ، دار البيضاء ، افريقا الشرق ،١٩٨٧، ص ٢٦

٤ – محمد عزام ، النقد والدلالة، ، منشورات وزارة الثقافة، سورية، دمشق، ١٩٩٦،ص٨.

٥– د. جميل حمداوى، الاتجاهات السيميوطيقية، مكتب المثقف، ٢٠١٥،ص١١

٦– هوارى حمادى ، سيميائيات المنطق اليونانى، جامعة معسكر، الجزائر ، مجلة أليقونات ، عدد (٢) ، ٢٠٠٨ ، ل١٧

٧– د. لوقمان ڕەئوف، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، دەزگای ئایدیا، ٢٠١٦، ل٩

خودی سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لەو واتایانەی نیشانەکان لەخۆیان گرتوە و لەکۆی واتای نیشانەکان دەق لێکدەدرێتەوە "[١]

## گرنگی ڕەنگ لەدەقدا:

ڕەنگ بریتییە لەسیفەتی تەنێك و دەبێتە ناسنامەو جیاکاری لەنێوان ئەوانی دیدا، بەپێی زانستی فیزیك" ڕەنگ بریتییە لەو شەپۆلە روناکییە جولاوانەی کە چاو هەستییان پێدەکات "[٢] *عقاد پێیوایە " ڕەنگ روناکییەکە لە ڕەنگی جیاوازدا "* [٣] لەبنچینەشدا ڕەنگ جێکەوتەیەکی بیۆلۆژییەو لەتۆڕی چاوەوە بەرهەمبێت، یان ئەو هەستپێکردنەی چاوە، کە لەرێگەی شەپۆلی روناکییەوە بەرهەمدێت.

"ڕەنگ یەکەمین زمانە کە ئەوانەی دەورەیانداوین پێیدەدوێن، کە بریتیین لەو کارە سەرەکییانەی، کە رۆژانە پێوستمان پێیانە"[٤] جگەلەمەش لەمەسەلەی کلتوردا، ڕەنگەکان رۆڵی گەورەیان هەیە بۆ بە ڕەمزکردنی، بۆنمونە( پشیلەی ڕەش، مریشکی ڕەش ، سەگی ڕەش) ڕەمزی شومییە، بەپێچەوانەشەوە ڕەنگی سپی، ڕەنگی روناکی و هیوایە.

ڕەنگ بونیادێکی بنچینەیی پێکهێنانی شیعرە، بەوپێیەی بنەمایەکی سەرەکی پێکهێنانی وێنەی شیعرییە، چونکە ڕەنگ توانایەکی گەورەی ڕەگەزەکانی ئێستاتیکای لەخۆیدا هەڵگرتوە، هەرلەبەر ئەمەش ڕەنگ لەم دیوانەدا لەسەر ئاستەکانی وەسف، لێکچون، هێما، ئایکۆن ، ئیندێکس بەکارهێنراوە، ئەمەش ڕۆڵی ڕەنگی ئەوەندەی تر ئاڵۆزو مانادار کردووە.

لەڕوی دەرونیشەوە ڕەنگ کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە، چونکە ڕەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لەڕۆشنبیری و یادەوەری و ڕوانین و خەونی مرۆڤ [٥] ڕەنگ بەشێکە لەوجیهانەی تێیدا دەژین و بەردەوام لەگەڵماندا دەژێت و بەشداریمان لەگەڵدا دەکات.

وێنە بریتییە لە شیعر، پێکهاتەو کاریگەری وێنەش، ڕەنگەکانە، بۆیە ڕەنگ هێزێکی دەلالی و مانایی دەبەخشێتە دەق، أودیسیوس دەڵێت" شیعر وێنەیەکی قسەکەرەو وێنەش شیعرێکی بێدەنگە"[٦] ئەمەش لەوەوەیە کە کە هەردوکیان خاسیەتی هاوبەشی لاساییکردنەوەیان هەیە، بەوەی شاعیریش هونەرمەندو لاساییکەرەوەو وێنەکێشەو پێچەوانەکەشی راستە.
هەموو مرۆڤێك لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە، ڕەنگ یەکێك بووە لەشتە بەرجەستەو دیارەکانی هەستی دەروونی، هەر لەتاریکی شەو و ڕوناکی و ڕۆژەوە، کە کاریگەرێکی زۆری لەڕوانگەی دەروونی و ڕۆحی و چۆنیەتی ژیانی هەبووە، تا ئەو ڕەنگانەی کە سروشت نواندویەتی، واتە سروشت یەکەمین سەرچاوەی ڕەنگەو یەکەمین شتە، کە سەرنجی مرۆڤی بۆ لای خۆی راکێشابێت، بەمانایەکی تر لەگەڵ سەرەتاکانی ژیاندا، یەکێك لەو شتانەی کە بە ئاسانی و بەچاو لەیەکتری

---

١– د. لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە، ل٢٩

٢– کلود عبید، الالوان، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،٢٠١٣، ص١٢

٣– هەمان سەرچاوە، ص١٧

٤– هەمان سەرچاوە ، ص٤٤

٥– اسعد علي مسرح الجمال والحب والفن في حميم الانسان، دارالرائد، بيروت،ط٣، ١٩٨١

٦–د. عبدالغفار مكاوى، قصيده و صوره،ص٢٥٠

جیاکراونەتەوە، ڕەنگەکان بووە، بۆیە لەسەرەتاوە مرۆڤ ڕەنگەکانی پەیوەستکردبوو بە جیهانی بینراوی دەوروبەریەوە، بۆیە ڕەنگ بونیادێکی بنچینەیی دەقەو پایەیەکی گرنگی وێنەی شیعریە.

بەگشتی بەکارهێنانی ڕەنگ لە وێنەدا دەگەڕێتەوە بۆ (١٥٠ –٢٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا، واتە ئەوکاتەی لەئەشکەوتێکی ئیسپانیا چەند وێنەیەکی ئاژەڵ بەڕەنگی سوورو ڕەش و زەرد کێشرابوو[١]

میسریە کۆنەکان هەر لەپێش مێژووەوە وێنەیان لەکاری ڕۆژانەدا بەکارهێناوە، دواتر بۆ تۆمارکردنی دەقە ئاینیەکان بەکارهێنراوە"[٢] جگەلەمەش هەر میسریە کۆنەکان مرەکەب و رەنگیان ناسیوەو بەکاریانهێناوە، پاشان چینییەکان لە زەیت مرەکەبیان دروستکردووە، بەڵام یابانیەکان لەو رەنگەی کە ئاژەڵە ئاوییەکان دەریدەدەن دروستکردووە "[٣]

ئەرستۆ دەڵێت"ڕەنگە ئاساییەکان بریتین لەڕەنگەکانی ڕەگەزی بوون، واتە ئاو، ئاگر، هەوا، خۆڵ"[٤] دوای (١٤) سەدە لیۆناردۆ داڤنشی هەمان بیرۆکەی خستۆتەڕوو کە " یەکەم ڕەنگی ئاسایی سپیە، کەتیشك و ڕوناکی دەنوێنێت، ئەگەر ئەو نەبوایە نەماندەتوانی ڕەنگ ببینین، زەردی خۆڵی، سەوزی ئاوی، شینی ئاسمانی، سووری ئاگری، ڕەشی تاریکی تەواو"[٥] پاشان نیوتن لەساڵی ١٦٦٠ یەکەم بازنەیی ڕەنگی دیاریکرد، هەرچەندە پێشتر ئەرستۆ وتبووی " ڕەنگەکان ، لەوانەیە یەك بگرن، وەك چۆن ڕەنگەکان بەهۆی گونجاندنیانەوە یەکدەگرن"[٦]

بێگومان بەکارهێنانی ڕەنگەکان تەنها بۆ ڕوانینە ئاساییەکە نییە وەك ڕەنگ، بەڵکو کارنامەو مەبەستی جیاوازیان هەیە، ڕەنگەکان وەك چارەسەری نەخۆشی و وەك ئاین و داب و نەریت ڕۆڵیان هەبووە، بەمانایەکی تر ڕەنگەکان بەپێی شوێنی جوگرافی و ڕۆشنبیری و کلتوری کەسەکان ماناکانی دەگۆڕێت، واتە ڕەنگ لەهەر ژینگەیەکدا مانای جیاوازی خۆی وەردەگرێت، بۆنوونە لای ڕۆمانەکان ئاڵای سوور ئاڵای شەڕبووە، فەرشی سوور بۆسەرۆکەکانە، بەڵام لەچین بۆ ژنهێنانە، کەواتە " بەکارهێنانی رەنگ وەك هێما، هەر لەکۆنەوە ئەم هەنگاوە نراوە، چونکە توانیویەتی گوزارشتی جیاواز بدات لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، واتە بەرەمزبوونی شتێکی گشتگیرەو لەسەر کۆی ئاستەکانی بوونی مرۆڤە، هەر بۆیە گریماس بە بونیاتێکی ناکاتی و میشێل لیرس بە بونیاتێکی نەستی دادەنێن"[٧]

ڕەنگ بەگشتی و رەنگی ڕەش و سپی بەتایبەتی، دوو ڕەنگی سەرەکی و کاریگەری نێو دەقی شیعرین و پەیوەستن بە دوانە دژەکانی شەو و ڕۆژ ، تاریکی و ڕوناکی ئەم دوو ڕەنگە لە ئاینی زەردەشتیدا ململانێی چاکەو خراپەیە، "هیندییە سوورەکانی ئەمریکاش جیهانی ژێرەوەو ( گۆڕستان ) دەچوێنن بەڕەنگی ڕەش ، یان ڕەنگی ڕەش وەك هێما بۆی

١–د.احمد موختار عمر، اللغة اللون، عالم الكتب،القاهرة،ط١،١٩٨٢،ص١٩

٢– كلود عبيد، الالوان، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،٢٠١٣، ص١٠

٣– هەمان سەرچاوە ص٣٢

٤–د.احمد، اللغة اللون، عالم الكتب، القاهرة،ص١١١

٥–د.احمد موختار، اللغة اللون،عالم الكتب،القاهرة،ص١١١

٦– هەمان سەرچاوە ،ص١٣٦

٧– كلود عبيد، الالوان، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،٢٠١٣، ص٣٩

بەکاردەهێنن، بەڵام جیهانی سەرەوە چەند ڕەنگێکی بۆ بەکاردەهێنن[١]، بەم پێیەش بەکارهێنانی ڕەنگ بنچینەو مێژوویەکی کۆنی هەیە.

مادام ڕەنگ لەتوانایدایە کاریگەری دەروونی لەسەر مرۆڤ دروستبکات، کەواتە لەتواناشیدا هەیە کەسایەتی مرۆڤ ئاشکرا بکات، بۆیە هەر ڕەنگێك بۆخۆی ماناو جێکەوتی خۆی هەیە.

ڕەنگ توانای ئەوەی هەیە، کەسایەتی مرۆڤ ئاشکرا بکات، چونکە هەر ڕەنگێك چەمکێکی دیاریکراو و دەلالەتێك دەگەیەنێت، ئەمەش لەو کاتانەی کە بە وشە دەردەبڕێت، بەوپێیەی "ڕەنگەکان خاڵی نین لە دەلالەتە ئیستایکییەکان"هەندێ جاریش گوزارشتی ڕەمزین، لەبەرئەوەی رەنگەکان وێنەیەکن گوزارشت لەبابەتی ژیان و هەڵچوونەکانی هونەرمەندان دەکەن[٢]

ڕەنگ لەم دیوانەی شاعیردا، ئەوەمان پێدەڵێت، کە کاریگەرییەکی لەسەر هەست و نەست و مەزاجی شاعیر دروستکردووە، بەوپێیەی ڕەنگ خاوەن جوانییەو پەیوەستە بەژیانی مرۆڤەوە، ئەمەش لەوەوەیە، کە ڕەگەزێکی گرنگی وێنەی ئەدەبی هەیە، بەدەرلەمانەش رەنگدان بەمانای رەنگ و دەنگە جیاوازەکان دێت، چونکە رەنگەکان خاوەن دەنگن و ئەو دەنگانەش هی کوردو لە شوێنە جیاوازەکانەوە بەرزبوونەتەوە، بەمانایەکی تر شێرکۆ لەرەنگداندا کۆیکردونەتەوە و ناساندوونی، لەگەڵ ئەمانەشدا هەڵگری ئایدیاو مەدلولی خۆیانن.

جگەلەمەش ڕەنگ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیان و گەردوون و سروشت و زانست و دەروون و رۆشنبیری و ئاین .....هتد هەیە، بەسروشتی حاڵ مرۆڤ هەندێ لە ڕەنگەکانی پێ قبوڵەو هەندێکی تری وەلادەنێت، ئەم قبووڵکردن و وەلانانەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئاینی.....هتد.

کەواتە رۆڵی رەنگ بریتییە لە:

١.رەنگ لەژیاندا پێگەیەکی زۆر گەورەی لەوەی وێنای دەکەین داگیرکردووە، هەر لە جل و بەرگ و ئەدەب و هونەر ، مادی و مەعنەوی هەر لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و......تاد [٣]

٢."یەکیکە لە دیاردە سروشتیە سەرنجڕاکێشەکان "[٤] و لە تەواوی شارستانیەتییەکاندا دەلالەتی رۆشنبیری، ئاینی، کۆمەڵایەتی.....تاد هەبووە، بەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بیرو روانیینەکانی مرۆڤ بەپێی مەبەستەکەی هەیە.

٣.بەپێی زانستی نوێ، رەنگەکان وزە لە جەستەدا زیاددەکەن و هەڵچون و تێکچوونە دەروونی و هەستییەکان هاوسەنگدەکەن، بۆنموونە لەساڵی **١٩٣٢** دوو لێکۆڵەری ئەمریکی لە نەخۆشییە دەرونییەکان، ئەوەیان خستوەتەروو کە" رەنگی شین کاریگەری ئارامکەرەوەی هەیەو رەنگی سووریش پاڵنەرێکی چالاکە"[٥]

---

١-د.احمد مختار عمر، اللغة و اللون، القاهرة، عالم الكتب،ط٢،ص١٦٣

٢-ليلا حاتمي آبادي آخرون، رسالة جامعية، ١٣٩٠، ص ٨٨

٣- كلود عبيد، الالوان، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،٢٠١٣، ص٧

٤- حاتمي آبادي آخرون، رسالة جامعية، ١٣٩٠، ص ٨٨

٤- كلود عبيد، الالوان، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،٢٠١٣، ص٩

٥- هەمان سەرچاوە ، ص٢٦

## دەلالەتی ڕەنگ لە دیوانی ڕەنگداندا:

ڕەنگ وەك ڕەگەزێکی دیارو بەرجەستەی سروشت، ڕۆڵی سەرەکی لەتەواوی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە، هەروەها کاریگەری لەسەر دروستدەکات، لەگەڵ ئەمەشدا تەواوی زانستەکان وەك فەلسەفەو دەروونناسی، ئەدەبیات، هونەر،....هتد خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە، بۆیە ڕەنگ لە شیعری نوێدا ڕۆڵی سروشتی خۆی ناگێڕێت، بەڵکو دەبێتە کۆدو هێمایەك بۆ ماناو مەدلولێکی تر، بۆیە ڕەنگ لە دیوانی ڕەنگدانی شاعیردا، کلیلێکە بۆ چوونە ناو دەقەکەو مەبەستە جیاوازەکانی، یان بۆ دەرگاو مەبەستی تر، بەتایبەتی دەرخستنی ئێش و ئازارەکانی شاعیر.

ئامادەبوون، یاخود بەکارهێنانی ڕەنگەکان بەو شێوە فراوانییەو بەو هەموو جۆرە، لەشیعری شاعیردا کارێکی لەخۆوە نییە، بەمانایەکی تر ناونانی دیوانێك بەناوی ڕەنگدان، بۆ خۆی بەخشینی چەند مانایە بە دەقەکە، بەتایبەتی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، هەموو ئەمانەش لە بنچینەدا سەرچاوەکەیان وێنای شاعیرە:




لەم دیوانەدا شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی ڕەنگەوە گوزارشت لە سۆز و هەڵچون و بیر، تەنانەت کاریگەرە جیاوازەکانیش بخاتەڕوو، هەربۆیە لەکۆی دیوانەکەدا (١٢١٩) جار ڕەنگی بەکارهێناوە، ئەم ژمارەش پێگەو کاریگەری دەسەلمێنێت.

بەمانایەکی تر شاعیر لەم دیوانەداو هەر لەخودی ناونیشانەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ڕەنگ کاریگەری و ڕۆڵێکی سەرەکی لەم دیوانەدا هەیەو شاعیرو دەقەکەش سودێکی زۆریان لە ڕەنگ وەرگرتووە، لەپێناوی گەڵاڵەکردنی بیرو مەبەستە سەرەکییەکانی تێکستەکە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەنگ بە شێوەیەکی جیاواز لەشێوەی خەیاڵی شیعر ئامادەیی هەیەو شاعیر لەپێناو بەرجەستەکردنی وێنەکانیان، مانا بۆ ڕەنگەکان دەبات، بەگشتی شاعیر کۆمەڵێك ڕەنگ و بەئاستی جیاواز بەکارهێناوە، وەك لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

| | ڕەنگ | شین | سوور | ڕەش | سپی | زەرد | سەوز | قاوەیی | ڕەنگدان | پەمەیی | مۆر | هی تر(خورمایی، وەنشەیی، خۆڵەمێشی، زیویی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٩٠٥ | ٤٥ | ٤١ | ٤٠ | ٣٧ | ٣٦ | ٢٦ | ٧ | ٧ | ٦ | ٢ | ٦٧ |
| کۆ | ١٢١٩ | | | | | | | | | | | |

e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765




ڕەنگ لەدەقی ڕەنگداندا لەلایەك وشەیەكی سادەی دەقەو ناسینی ئەم وشەیەش، ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە ناسینی و لێكدانەوەیدا، لەلایەكی ترەوە وەك یەك ڕەگەزی دەروونناسانە، كە دەتوانرێت لەرێگەی ئاشكراكردنی ڕوانین و جیهانبینی شاعیرەوە لێكبدرێتەوە، چونكە دەتوانرێت لەوشەیەكدا لە ڕوانگە جیاوازەكانەوە لێكبدرێتەوە.

لەڕاستیدا جۆر یان شێوەو ڕەنگ، دووروەگەزی بەرجەستەكردنی سروشتن، بۆیە هەریەكەیان كاریگەری خۆی لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە، بۆنموونە:

## ١–ڕەنگ:

شاعیر لەم دیوانەدا(٩٠٥)جار وشەی ڕەنگی بەكارهێناوە، بەمەش دەبێتە یەكەمین وشە، كە زۆرجار لەم دیوانەدا بەكارهێنرابێتەوەو بەكارهێنانەكەش لەلایەك هێزو ئاواز، لەلایەكی ترەوە جەخت و مانا جیایی دەبەخشێتە دەقەكە، بۆنمونە:

١. وەك ڕەنگ: ئەگەرچی ڕەنگ وەك (ڕەنگ) بەكارهێنراوە، بەڵام دووبارەكردنەوەی هێزەكەی زیاتر دەكات، لەهەمانكاتیشدا هەستیاری و وردی شاعیرمان پیشاندەدات لەبەكارهێنانی ڕەنگ لە كارنامەیەكی تر و لەناو تێكستی شیعرییدا، وەك دەڵێت:

ڕەنگ..ڕەنگ..ڕەنگ..ڕەنگ
كێ ئەتوانێت ڕەنگ بژەنێ؟!..من ئەیژەنم............ل٢٩٠

لەڕاستیدا لەنیوەدێڕی یەكەمدا ڕەنگ، وەك ڕەنگ بەكارهێنراوە، چونكە لەلایەك جەخت لەسەر ڕەنگ و دووبارەبوونەوەی، جارێكی تر لەسەر میكانیزمی گۆڕین و بەخشینی ئەركێكی تر دەكاتەوە، هەربۆیە دواتر كردەی ژەنینی پێدەبەخشێت، ئەم كردەیەش لە ڕەنگدا نییە، بەڵكو لەئامێری مۆسیقادا هەیەو هەریەكە لەو ئاوازو ژەنینانە، ئەرك و

کارنامەی خۆیان هەیە، بۆیە رەنگیش لەمادییەتەوە بەرەو ئەرك و کارنامە دەبات، بۆیە لێرەوە رەنگ بەرەو مەدلولبوون دەبات و ژەنینیش خۆی لە جوڵەدا دەبینێتەوە.

ب. بەمەدلولکراو: ئەگەرچی تێکستەکە لە دوبارەبوونەوەی چەند وشەیەك پێکهاتووە، بەڵام دواجار رەنگ بریتییە لە شوناس و ناسنامەی نەتەوەیەك و کۆی ئەو نادادی و زوڵمەی، کە حزبی بەعس لەساڵی ١٩٨٨ بەسەر گەلی کورددا هێناویەتی، بەڵام ئەم ئەنفالکردنەی ساڵی ١٩٨٨ نوێیە، چونکە لە مێژودا هەمان پرۆسە، بەڵام بەناوی جیاواز بوونی هەبووە، بۆیە رەنگ بریتییە لە شوناسی مێژومان، کە ژێردەستەیی و چەوسانەوەیە، واتە ئەنفالکراوەکان خاوەن دەنگی ئازادی و چیرۆکی خۆیانن، رەنگیش رەنگ و شوێنە جیاوازەکانی کوردستانن، بەوەی ئەنفالکراوەکان دابەشکراون بەسەر ناوچەو شوێنە جیاوازەکاندا، بەدەرلەمەش رەنگ مانای زەمەن و مێژوە، بەوەی بەدرێژایی مێژوو، خۆمان لەناو ستەم و کوشتن و چەوسانەوەدا دەبینییەوە، وەك دەڵێت:

ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالە ڕەنگی ئێمەو ڕەنگی مێژوو
ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو ڕەنگی ئێمەو ڕەنگی
ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو ڕەنگی ئێمەو
ئەنفالەو رەنگی ئەنفالەو رەنگی
ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفال
ئەنفالەو رەنگی
ئەنفال..............ل٣٢٣

جگەلەمەش رەنگ بریتییە لە دەنگ و رەنگ و ناسنامە جیاوازەکان، بریتییە لەو سیماو هاواری ئازادییانەی، کە دەبێت لە کۆمەڵگەیەکدا هەبن، بۆیە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و نادیموکراسیدا هەموو ئەمانە بەپەنهانی و لەشەودا بەشێوەی جیاواز لەناودەبرێن، یان بێدەنگدەکرێن، وەك دەڵێت:

ڕەنگ ئەفڕێنن.. نەبادا سرِی ڕەنگێکی
تازەی لابێ و بیدرکێنێ
ڕەنگ کەڕ ئەکەن...نە بادا گوێی
لە زەنگی ڕەنگێکی تر بێ و ڕاپەڕێنێ!
ڕەنگ لاڵ ئەکەن..بۆئەوەی ڕەنگ هەر هیچ نەڵێ
بەردەوامیش هەر لە شەودا ڕەنگ ئەکوژن
بۆئەوەی کەسی ڕەنگی بکوژو تاوانبار قەت نەبینێ!..........ل٣٧٩

کەواتە شاعیر دەیەوێت بڵێت، نابێت دەنگێکی بزێو و ئاگادار هەبێت، یان دەرکەوێت و قسەی هەبێت، گوێی هەبێت.

بەدەر لەمەش دەیەویت ئەوەمان پێبڵێت، رەنگی هەژار، رەنگی لاوازی و كزی و ماتییە، رەنگی كۆتبوون و بەندیخانەیە، بەڵام ئەم لاوازی و سستییە بە پێچەوانەی ئەم لاوازییەوە، هێزی شاراوەی دەروون بەگەڕدەخات، و دواجار راپەڕینێك بەرهەمدێت، كە دەنگی مافخوراو و چەوساوەكانە، نموونەش دەنگی راپەڕینە، وەك دەڵێت:

دێرینترین ڕەنگی هەژار، لەسەر دیواری زیندان و
لەڕەنگی زنجیردا منم ،ئازایەتی ڕەنگ لە مندا
بۆ یەكەم جار لە ناو گەرووی بەورێكەوە
زریكاندی و عێراقی سێدارەی تۆقان!..............ل٣٧٤

رەنگاورەنگی منداڵی ئەو رەنگانەن، كە تێیدا مرۆڤەكان پاك و ناسك و دەرون كراوەن، و تەنها جوانی و خۆشیەكانی ژیان دەناسن، بۆیە تێیدا جگە لە پێكەوەژیان و خۆشی و هیوا، هیچی تری تێدانییە، لەبەرئەوە شاعیر دەیەویت لەڕەنگدا ئەوەمان پێبناسێنێت، یاخود رەنگی دڵداری، رەنگی كاركردنە بەهەست و دڵەكان و ئەو دەنگانەن، كە دەبنە قوربانی مەعشوقەكانیان، جگە لە هەستكردنی ناو دڵی، هیچی تر نابینێت، یان بایەخی پێنادات، وەك دەڵێت:

ئەی ڕەنگەكانی منداڵی!ئەی ڕەنگەكانی دڵداریی!
جارێكی دی لەگەڵ خۆتان بمبەنەوە بۆ ئەو ڕۆژەی:
ئەچوومە ناو بلقی كەفی سابوونەوە
نە خوێندنەوەی كاتژمێری دەستی وەخت و
نە خوێندنەوەی ڕۆژنامەكانی خەفەت و نەرەنگەكانی ئیرەیی و
گەورەبوونم نە ئەزانی!................ل٣٦٣

رەنگ تەنها بریتی نییە لەو وەسفەی دەیبینین، بەڵكو رەنگ هەڵگری پەیامەو هێزی پەیامەكەش، هیزی رەنگەكە پیشاندەدات، بۆیە رەنگ هەڵگری پەیامیكی راست و پەیامی مرۆڤایەتییە، وەك دەڵێت:

گەورەیی ڕەنگ لە گەورەیی ڕەنگدانەوەی پەیامدایە
من ئەو ڕەنگەم.. كە رەنگی راستیی و ڕەنگی خواو
ڕەنگی دوا پەیامی ئەوم لە چاودایە!.......٣٧٦

شاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت، چۆن رەنگەكان لەبنچینەدا لەچەند رەنگێكی سەرەكییەوە بەرهەمهاتون، دواتر لەو رەنگانەوە رەنگی نویێ بەرهەمهێنراون، دەیەوێت رەنگی شیعر لە رەنگ و سیما كلاسیكییەكەوە بگۆڕێت، چونكە پەیام و كارنامەی شیعر دەبێت جیاواز بێت، بەو مانایەی شیعر شتێكمان پێبڵێت، كە ئێمە بەو شێوازو فۆرمە هەستمان پێنەكردووە، وەك دەڵێت:

من ئەم جارە یان ڕەنگی شیعر ئەگۆڕم
بە ڕەنگێ زمان نەیدیێ و
وشە هەرگیز تیا نە فڕیێ و

کاغەز خەوی پێوە نەبینیێ
یان نانوسم و ئەو ڕەنگە کۆن و زەقانە
هەر بۆ شاعیری خومخانە بەجێدەهێڵم............ل٣٨٦

هەروەها شاعیر دەیەوێت ڕەنگ لە دەنگە جیاوازەکەندا بەرجەستەبکات، بۆیە ڕەنگ بەگشتی و دەنگ بەتایبەتی لە تەنهاییدا بایەخی نییەو بۆئەوەی بایەخ و ڕۆڵی هەبێت، دەبێت چەند ڕەنگیەتی بەرجەستەبکەین، وەك دەڵێت:

لەو دۆڵەدا
لەیەك ڕەنگیی سیاسەت و
لەیەك ڕەنگیی کتێبەکان یاخیی ئەبووین
بۆ ئەوەی جۆگەی خەونەکان ڕەنگین بکەین.........ل٣٢٩

شاعیر دەیەوێت لە بەرگی ڕەنگدا، سیماو پێگەی ژن لە عەقڵی دواکەوتودا بناسێنیت، چونکە ژن لەم عەقڵەدا، یەکسانە بە خزمەتکار، زەعیفە،.....تاد، لەکاتێکدا ڕەنگی ژن، ڕەنگی ژیان و بوونە، بەڵام لەم پێگەوە هێنراوەتە ناو ئەم پەراوێزخستنەوە، وەك دەڵێت:

"ڕەنگی ژنان: وەختێك تێکەڵ بە ڕەنگەکانی قامچی و
ڕەنگی تەباخی موبەق و
ڕەنگی پێڵاوی پیاوان و
ڕەنگی مایینی ڕەسەن و
ڕەنگی ئەقلێکی نوقسان و
ڕەنگی هەقی یەك لەسەر سێ و
وەختێ تێکەڵ بە ڕەنگی دەوری بەردی ئەکرێ
ئەڕۆی بۆ کوێ؟!...............ل٣٥٦

هەروەها دەنگی کردوەتە سیماو شوناسی ئەوانەی، کە ناتوانن بوونیەتی خۆیان بسەلمێنن، بۆیە ئەمانە هەر بەو شیوازی کەڕو کوێرییە دەمێننەوە، لەگەڵ ئەوەی لەسیمادا دەیانەوێت قەناعەت بەخۆیان بکەن، کە بوون و دەنگیان هەیە، بەڵام بوون بە هەناسەدان نییە، بەڵکو ڕۆڵ و ئەرکە، واتە ناکرێ لە سیمادا ڕۆشنبیربین، بەڵام لە کرداردا دواکەوتوبین و هیچ هەڵوێستێکمان نەبێت، وەك دەڵێت:

ئای کە ڕەنگی ترسنۆکم زۆرە
من بۆ خۆمماڵەکەم پڕە لەو ڕەنگانە
لەڕەنگی کوێر

لە ڕەنگی لاڵ
لە ڕەنگی کەڕ
ئای کە ڕەنگی ترسنۆکم زۆرە
بۆنمونە یەکێ لەو ڕەنگانەم ڕۆژێ
ڕۆژنامەیەکەی گرتبوو بە دەستەوە
ڕەش و سپی ئەخوێندەوە
ڕۆژنامە ناوی(ڕاستی) بوو
دوو هەنگاو لەو لای ڕەنگمەوە
جامانایەك ڕەش و سپی لە ملی گوڵێ ئاڵا بوو
ڕەنگم دەستی لە ڕۆژنامە بەرنەدا
ئەو هەر راستی ئەخوێندەوەو
گوڵێش خنکا............ل٣٦٠

هەروەها ڕەنگەکان وەك ناسنامەو دەنگ بەکارهێناوەو ئەرکی بوون و دەنگی پێبەخشیوە، بۆیە هەمان تایبەتماندی بەرەنگ بەخشیوە کە هی مرۆڤە، چونکە گفتوگۆ بۆ مرۆڤە و جیاوازیش لە بۆچون و بیرەکاندایە، بۆیە رەنگ بوون و شوناسی ئەم ڕەنگانەیە، وەك دەڵێت:

لە گفتوگۆی ڕەنگەکاندا
فەزای مانا بەرینترە و، باڵندەی ڕەنگ جوانتر ئەفڕێ
لە گفتوگۆی ڕەنگەکاندا
قۆزاخەکان ئەکرێنەوە ڕەنگی گەورەو
ڕەنگی بچووك لەسەر یەك مێز کۆئەبنەوە
چاویان بە ڕەنگدانی یەك و
ڕەنگی گەش و ڕەنگی سیس و خەوشی یەك و
پەڵەی یەك و ئەودیو ڕەنگەکان ئەکەوێ.
لە گفتوگۆی ڕەنگەکاندا ئازادی دێ گوێ دەگرێت و
ڕەنگی دەنگیش، بێ دەمامك دەرئەکەوێ...........ل٣٧١

## ٢.ڕەنگی شین:

ڕەنگی شین(٤٥)جار بەکارهێنراوەو ڕەنگی ئارامی و بێدەنگی و هاوڕێیەتی و بیرکردنەوەیە، چونکە پەیوستە بە ئاو و ئاسمانەوە، ئەم ڕەنگە هەردوو لایەنی پۆزەتیف و نەگەتیف دەگەیەنێت، تۆخی ڕەنگەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەقی،

ئەمەش پەیوەست دەکرێتەوە بە جنۆکەو هێزی نێگەتیڤ لەزەوی دا، لەبەرامبەریشدا پەیوەستدەکرێتەوە بە ئاو و ئاسمانەوە، بۆیە گونجاوە بۆ ئارامی و خاوبوونەوە.[1]

جگە لەمەش ڕەنگی شین لەبەر تۆخی پەیوەست دەبێت بە تاریکی و شەو، گوزارشت لەتەمەڵی و سستی و بێدەنگی و حەوانەوە دەکات[2]

ڕەنگی شین لای جولەکەکان پیرۆزە، چونکە ڕەنگی خودا (یهوە)وە[3]، بەڵام لای چینیەکان ڕەمزی مردنە[4] جگەلەمانەش دەبێتە هێمای سستی و تەمەڵی و ئارامی و حەوانەوە، لە کلتوریشدا پەیوەست دەبێتەوە بە ڕێزگرتن و وەلاو تێرامان و تیفکیردن، ڕەنگی شینی کراوەش، متمانەو بەرانەتی گەنجی پێچەوانەدەکاتەوە، بەڵام شینی تێر دەلالەتە لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بڕوابوون بەو پەیامەی کە پشتیوانی دەکەین[5]، هەروەها ڕەنگی شین پەیوەندی بەلایەنی دەروونی و بیروباوەڕەوە هەیە و لەتوانایدایە جەوێکی خەیاڵی و ڕۆمانسی دروستبکات.

١. وەك ڕەنگی شین:

یەکەمجاربوو لە کاغەزێکی شین باودا ببم بەمەلی شاعیر و
لە ڕەنگی خۆشەویستیدا تا لای ڕەنگی پیرۆزەیی
کچێ بفرم..................ل٣٦٥

یان: چون ماسی شین ئەبریسکامەوە لەبنیاو
من پەپولەی وشەکانم لەناو لەرەی لەشی ئەودا
ئەبون بەگوێ بۆ سەرنجدانی بێ سنور لە جوانیدا...............ل٤٠٣

لەم ڕەنگەدا دامەزراندن و ئازادی دەخولقێت، ئازادیەکەش لەڕێگەی ماسییەوە بەدیدێت، دامەزراندنەکەشی خۆی لە باگراوندی واقیعی مێژووی کورددا دەبینێتەوە.

٢. بەمەدلولکراو: لێرەدا شین بەمانای گەنجییەتی و جوانی دێت، یان بەمانای بەپیتی و بەرەکەتی دێت، وەك ئەوەی بڵێت زەویەکە شینابیە، گەنجەکەشی لەهەرەتی لاویەتیدا دەکوژرێن، وەك دەڵێت:

لە شاخ بوایە ئەیان کردین بە(شین) ێکی
شێت و شەیدای مێلاقەیی
لە دەست بوایە، ئەیان کردین، بە زەردێکی حەپەساو.............ل٢٩٤

١. ریاض عبدالفتاح ،التکوین في القنون التشکیلیة، ص ٢٦١
٢. د.احمد موختار عمر، اللغة اللون، ،ص١٨٣
٣. هەمان سەرچاوە ،ص١٦٤
٤. هەمان سەرچاوە ، ص١٦٦
٥. هەمان سەرچاوە ،ص١٨٣

لێرەدا ڕەنگی شین مانای دەلالی چەسپاوی و متمانەیی و دڵسۆزی و پەیوەستبوون بە مەعشوقەوە دەگەیەنێت، جگەلەمەش دەڵێت:

ئەو شینانەی لە قەراخ شار لاشەکانیان دۆزرایەوە

ئەو سپیانەی هەر بە ئاسمانەوە کوژران.......ل٣٠٢

واتە ئەوانەی ئارام بەخشن و لەسەر خۆیان، دەیانەوێت بوون و ژیانی خۆیان لەڕێگەی خۆیانەوە بخەنەڕوو، واتە دەرخستنی متمانەیی کەسەکان، بەڵام ئەمانە لە کۆمەڵگەی پیاو سالاریدا تاوانە، بۆیە سزا دەدرێت، وەك دەڵێت:

ئەستێرەیەکی بچوکۆلە بەقەد تۆپێ

لە لای (شین) ەوە هاتبوو

وەختێ کەوتە ناو باوەشم

هەر بەسەرنج هێدی هێدی شینی کردم و

لەو ساتەوە سامالێ چاومەو

زەریاش لەشم.......ل٣٠٧

شین هێمای جوانی و ئارام بەخشی، سەرنج ڕاکێشییە و بەو هۆیەوە کاریگەری لەسەر میشکی کەسەکە دەکات و دەبێتە بزاوتی گۆڕانی کەسەکە، واتە ئەوەی لەسەر بنەمای خۆشی ژیان و ئارامی بنیادنرابێت، دەتوانێت جێکەوتەو کاریگەری لەسەر ئەوانی دی دروستبکات، جگەلەمەش دەڵێت:

نهێنی شین ئەگێڕنەوە.

ڕەنگی کچێکی بیانی روونتر لە خەوی دەریاچەی

بەر ڕوناکی شەوێکی کپ

ئارامتریش لە هات وچۆی لەش ولاری

نەرم وشلی نێو باوەشی دانسێکی (ڤالس)......ل٤٠٠

شین لەخۆگری تەواوی ئەو باس و خواسانەی، کە لەژیاندا بونیان هەیە، هەر لەپەیوەندی و جوانی و گونجاندنی، بیرەوەری و خۆشیەکان، ئەو خەیاڵ و کرانەوە دەرونییەی، کە لای خوێنەر دروستیدەکات، یان ئەو رووداو و ملململانێیانەی نێوان کارەکتەرەکانی رۆمانێك، هەر لە جوانی و خۆشەویستی و پەیوەستبوون بە ژیان و رۆمانسییەوە، تاوەکو ململانێکان، کەواتە ژین بۆ خۆی مەدلولی رووداوە جیاوازەکانە، شین بەمانای پیرۆزی و ئایدیالیزمی و دێت، وەك ئەوەی ئەستێرە بچوکەکە لە ئاسمانێکی شیندا دەردەکەوێت، کە ئەمە ئاماژەیە بۆ کوردستان، کە هەڵکەوتەی شوێنکەی پیرۆزو نمونەییە، وەك دەڵێت:

کاتێ شین ئەبێ بە پەخشان ... لە دەشتێکداو ئەینوسمەوە

وەختێ شین ئەبێ بەرۆمان لەزەریادا ئەیخوێنمەوە.....ل٤٠٢

هەروەها شین هێمای خۆشەویستی کەسێکی رۆمانسی دەگەیەنێت، بۆیە حەوانەوەو پشوی دەرونی دەگەیەنێت، وەك دەڵێت:

شەوێك شین لە باخەڵماندا نوست، شین بردمی و دوور بردمی و
ئیتر من تاکو بەیانی، خەوم بەشەپۆلی قۆڵگاو
شیعری (پۆشکین)ەوە بینی..........ل٤١٠

ا- مانای نێگەتیڤ: مەبەست لەو مانایانەیە کە مانایەکی پچەوانەی پەیامە سەرەکییەکەی دەگەیەنێت، شین بەمانای سەختی و کێشە دێت، وەك دەڵێت:

مەگری ڕەنگە بچکۆلەکە
تۆ لە مانای ئەم سەفەرە شینە ناگەی
لە زمانی کۆچ تێناگەی
ڕەشەباکان و زیلەکان پەلەیان بوو لە مردن پەلە تریان بوو.......ل٣٢٤

ئەم سەفەرە، سەفەری دابڕان و کۆتاهاتنی ژیانی بچکۆلەکەیە، چونکە ئاستی عەقڵی هەستەکانی، نەگەیشتۆتە ئەم ئاستەو شینش بەمانای دابڕان و بەرەو کۆتاچوونە، واتە سەفەری کۆچی یەکجاری و گەڕانەوەیە بۆ خاك، کەواتە شین بەمانای ئازارو دینامیکییە بەردەوامەکان دێت، وەك دەڵێت:

من لەبیرمە
سوور ئەیویست باران سووربکات
زەرد ئەیویست ئاسمان زەرد بکات و
سەوزیش ئەی ویست خوێن سەوز بێت
شینیش بەشین پەلکە گیاکان هەمووی ڕەنگ بکات.................ل٣٧٩

واتە ڕەنگ لێرەدا وەك هێزو دەسەڵاتداری، دەیەوێت تەنها خۆی بێت و بۆخۆی بژی و خۆی بڕیاردەربێت، واتە بووەتە نوێنەری کەسە خۆسەپێنەکان.

٢- پۆزەتیڤ: مەبەست لەمە، شین هێمای ئازادی و ئارامی و حەوانەوەو کرانەوەیە، هیواو ئومێدەو دەبێتە دەنگی ئازادی و کۆکەرەوەی دەنگەکان، وەك دەڵێت:

وەرزی دەسەڵاتی سووربوو
دنیابوو بوو بە سوورستان
شینێك ویستی بەشەقامی سووردا بڕواو
پەیڤێکی شین هەڵفڕێنێ
هەر بۆ شەوێك لە پێچێکدا شینیان گرت و
لە ناو ئاگرێکی سووردا ئەویان سوتاند......... ل٣٨٦

### ٣.ڕەنگی سوور:

شاعیر لەم دیوانەدا(٤١)جار رەنگی سووری بەکارهێناوە، رەنگی سوور یەکێکە لەو رەنگە سەرەتاییانەی، کە مرۆڤ لەسروشتەوە ناسیویەتی، ڕەنگێکە ئاماژە بەخۆشی و ناخۆشی دەکات، دیارترین سیفەت کەپێوەی پەیوەست دەبێت، خوێنە، بەمەش ڕەنگێکە لە ڕووی دەرونیەوە مەترسیدارەو لە ڕوی دینیەوە پیرۆزە، لەداستانەکاندا بەکارهێنراوەو یابانییەکان ڕەنگی سوور بۆ دەرکردنی کابوس بەکاردەهێنن، لای میسریەکۆنەکانیش مستیلەی سوور لەپەنجەدەکەن و لەڕوبەروی دوژمنەکانیاندا وەك هۆکاری پاراستنیان لەبریندارب‌وون بەکاریدەهێنن، واتە ئەگەر بریندا‌ریش بوون، توشی خوێن بەربوون نەبن، لای هندۆسەکان، ئاماژەی ژیان و خۆشیە، هەندێ خێڵ خوێن لە مندالّە ساواکانیان دەدەن، بۆئەوەی زیاتر بژین[1]، بەدەرلەمانەش رەنگی سوور رەنگی هێزو توانا‌و ژیان و جولّەیەو لەرووی سۆزداریشەوە، رەنگی خۆشەویستی و گەشبینی و ئارەزو دڵ و گیان و گەنجیی، هێمای بەهێزی و توانستی و ئاگرە.

١- وەك سوور: ئەگەر لەگەڵ رەنگەکەشدا ئاماژەی تر بدات بەدەستەوە، بەلّام رەنگی سوور هەمان مانای رەنگەکەی خۆی دەگەیەنێت، چونکە رەنگی سوور لێرەدا رژانی خوێنە کە رەنگی سوورە، بەلّام رژانی خوێنیش، واتای جولّەو چالاکی و قوربانیدانە لەپێناو ئامانجەکەیدا، وەك دەلّێت:

ڕەنگی سووری
ڕژابووە بەر پێی توترك..............ل٣٩٨

ب. بەمەدلولکراو: شاعیر رەنگی سوور بە هێمای خەبات و قوربانیدان و شەهیدو شۆڕش دادەنێت، بۆیە کۆی کوردستان یەکسان دەکات بە رەنگی سوور، هەروەها بەمانای کوشتن دێت، شێرکۆ دەیەوێت بلّێت من و شوێن بەدرێژایی زەمەن، خۆمان لە زولّم و ستەم و کوشتندا دیوەتەوە، ئەمەش کاریگەری ئەو روانینەی عەبدولّا پەشێوە لەسەر شاعیر لە شیعری (سەربازی ون) دا، وەك دەلّێت"لەسەر هەر بستە زەمینێ لـەژێر هەر گـەزە ئاسمانێ مەترسە کەمێك سەر داخە و تاجە گولّینەکەت دانێ" کەواتە سوور بەمانای شوێن دێت و پەیوەندی راستەوخۆی بە ناسنامەی خاك و نیشتمانەوە هەیە، واتە ناسینی خاك، بەندە بە نیشتمان ، یان فیداکارییەوە، بەمانایەکی تر خاکی کوردستان بەبێ خوێن هیچ مانایەکی نییە، وەك دەلّێت"

هاتاکو خاکم نەناسیت، تۆ ڕەنگی سوور ناناسیت و
لە نهێنی سوور ناگەیت و خوێنت بۆ ناخوێنرێتەوە.............ل٢٩٩

جگەلەمەش رەنگی سوور، رەنگی هەلّۆ گیان لەسەردەستەکانە، رەنگی ئەوانەیە کە بوونەتە مەشخەلّی شۆڕش و لەپێناو هێنانەدی ئازادی و سەربەخۆیی گیانیان بەختکرد، یاخود بەمانای هێزی لاوان و گەنجان دێت، کە زۆربەیان بەلاوی ژیانیان لەپێناو خاکدا بەخشی، وەك دەلّێت:

چیرۆکی ڕەنگ ئەگێڕمەوە
سەر گوزشتەی ئەو ڕەنگانەی لەناو بێ ڕەنگیدا خنکان
ئەو سوورانەی کۆچیان کرد و

١.فایز عارف سليمان القرعان، الوشم والوشي في الشعر الجاهلي ،رسال جامعية،جامع الرموك ،١٩٨٤،ص١٢٤

لە ناو بەفرا ڕەق بوونەوە ئیتر واگل نەبوونەوە (نەگەڕانەوە)........ل٣٠١

یاخود دەڵێت: لای (سوور)ەوە زامێك هاتبوو کرمانجی

باریکەلە چوون خەیاڵی بەلاڵوك و بەبریسکە

چون مەراقی ڕەنگی ژاڵەو

بۆینباخی گوڵ ئەستێرەی (یەڵماز گۆنای) لە ملدا بوو.....ل٣٠٦

یان: لاواندنەوەی شیعریێ بۆ ڕەنگێکی بچکۆلەی ناو ئەنفال

لاواندنەوەیەك دوابەدوای درێژەی

کۆچ و ونبوونی هەزاران ڕەنگی زەردو سوور

نە گەڕانەوەی هەزاران گوڵ و ئاوێنەو ملوانکەو بازن و

مێخەکی نێو ماڵ..............ل٣٢٣

شاعیر دەیەوێت ئەوە بلێت تاکی کوردی هەریەکەیان بەشێوازێك بەرەو پیری مردن ڕۆشتون، هەموو ئەمانەش لەپێناو ژیان و ئازادیدا بووە، بۆنموونە رەقبوونەوە لە بەستەڵەك و بەفری زستان و شاخ، یان گرتنەبەری ڕێگەی کۆچ و مەرگ، یاخود بوونە سوتماك لەشالاوی ئەنفال و رەشەکوژیدا، وەك دەڵێت:

دەنگەکان ئەشبوون بەمردن

بۆ وێنە وەك: ڕەقبونەوە لە سپیداو

خنکان لەقووڵایی شینداو

سوتان لەشالاوی سووردا...............ل٣٦٩

ڕەنگی سوور، هێمای شۆڕشی چینی چەوساوەو هەژارانە، یان بیروباوەڕی مارکسیزمە کە لە روسیاو شۆڕشی ئەکتۆبەرەوە، ئەم هێزە بوونیەتی خۆی سەلماندوە، بەشێوازێك زەریاکانی بڕی و تەواوی دنیای گرتوەتەوە، وەك دەڵێت:

پاریس لە ناو ڕەنگی مندا سووری پۆشی و هەستایە پێیان،

یەکەم چەکوش سەرو ملی قورسی من نەبوو

کە برسێتی دەستی دایە و مانگی خەونی بۆ داگرتم و

بەسەر دەرگاما دایکوتی و

لە دوایشدا مانگ بوو بە نان

ڕۆژێکی سارد، ئۆکتۆبەر، مشتێ لە ڕەنگی هەژارانی

لە مەیدانی سووردا تۆو کرد

هێندەی نەبرد ڕەنگ بازیداو ڕەنگ لە زەریاکان پەڕیەوەو

هێندەی نەبرد لافاوی سوور دنیای هەڵگرت..........ل٣٧٥

هەروەها ڕەنگی سوور، بەمانای هێزو دەسەڵات و خۆسەپاندن دێت، وەك دەڵێت:

لەبەردەمی وەڵامێکی ئەزەلیدا

**کێ ئەتونێ فززە بکات ؟لەبەر دەمی زل هێزە**

**ڕەنگی دنیادا ڕەنگی بچوك، بچێ بۆ کوێ و ئەبێ چیبکات؟**

**من لە بیرمە**

**سوور ئەیویست باران سوور بکات**

**زەرد ئەیویست ئاسمان زەرد بکات**

**سەوزیش ئەیویست خوێن سەوز بکات**

**ڕەنگ ئەخەسێنن نەبادا ڕەنگی جیاواز**

**لە دایکیێ و نە لەم بچێ و نە لەو بچێ.**

**ڕەنگ قفڵەکەن**

**نە بادا ڕەنگێکی جیاواز**

**لە پڕێکدا بێتە ژووری..........ل٣٧٩**

**یان: وەرزی دەسەڵاتی سوور بوو**

**دنیا بووبوو بە سوورستان**

**شینێك ویستی بەشەقامی سووردا بڕواو**

**پەیڤێکی شین هەڵفڕێنێ**

**هەر بۆ شەوێ لە پێچێکدا شینیان گرت و**

**لە ناو ئاگرێکی سووردا ئەویان سوتاند...............ل٣٨٦**

**کەواتە رەنگی سوور، هێمای دەسەڵاتی سەرکوتکارو خۆسەپێنە و تەنها بوونیەتی خۆی دەناسێ و رێگە بە هیچ هێزو دەنگێکی تر نادات، بۆیە بەپێچەوانەی ئەمەشەوە دەنگی ئاشتی و هیواکان، بەلەدەستدانی هەر دەنگێك لەهەر کوێی دنیادا بێت، راستەوخۆ کاریگەری و خەم و ئازار لەو دەنگە هیوا بەخشانەدا دروستدەکات، چونکە سەرچاوەکەیان یەکە، وەك دەڵێت:**

**لە هەر شوێنێ لە ڕەنگی زوڵمی دونیا لەهەر شوێنێ**

**ئەو وەختەی کەسێك بکوژرێ**

**من لێرەوە باخی سپیم هەناسەیەك هەڵ ئەکێشێ و**

**سەرتاپای بەژنی سوور ئەبێ**

**چەند نزیکین لە یەکەوە..............ل٣٩٧**

## ٤.ڕەنگی ڕەش:

**شاعیر(٤٠) جار وشەی (ڕەش)ی بەکارهێناوە، لەبنچینەشدا خودی وشەکە ئاماژەیە بۆ وێرانی، شومی خەم و تەعزیەباری، هەموو ئەمانەش دژی جوانین، بۆیە ڕەنگی ڕەشبینیە، کەواتە ڕەنگی رەش بەگشتی ڕەنگێکی نێگەتیڤە، چونکە**

ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بەژێر دەستەیی و تاریکی، بۆنموونە ڕەنگی عەگاڵی عەرەب ڕەشە، چونکە لەو رۆژەی موسوڵمانەکان شکان، وەك هێماوی غەمباری بەکاریدەهێنن، لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار ڕەنگی ڕەش ڕەنگێکی جوان و لەڕووی دەروونییەوە خۆشەویستە، وەك قژو جل و بەرگ، بۆیە شاعیریش باسی لەجوانی ڕەنگی ڕەش دەکات، چونکە سیفەتێکی ئیستاتیکییە لای شاعیران.

ڕەنگی ڕەش ڕەمزی خەم و ئازارو مردنە، ترسە لەشتی نادیار، ئاماژەیە بەنەبوون و فەنابوون، ڕەش هەندێك جار دەروون پێیخۆشەو هەندێك جاریش سەرو دڵگیرە، لەشیعردا مانای بێدەنگی و بێهیوایی و توڕەیی و ڕەشپۆشی و تەعزیە دێت.

ڕەنگی ڕەش ڕەنگی سزاو تاوانە، ڕەمزی زهدییە، ملپێچی ڕەش ڕاگەیاندنی باوەڕە لە ئیسلام و مەسیحیدا، لەلای دەروێشەکان نیشانەی شەهادەتی قەبرە، جلی ڕەش ڕەمزی سەرچاوەو هێزە وەك شیعەکان، عەمامەی ڕەش نیشانەی ملکەچییە بۆ خوا، لەبەرکردنی جلی ڕەش لە بۆنەدا، واتە تەسلیمبون بە پیاوان، لەتەعزیەشدا ملکەچییە بۆ قەدەر.

١– وەك ڕەش: شاعیر ڕەنگی ڕەش وەك ڕەنگی ڕەش و خستنەرووی ڕەش پێستەکان بەکارهێناوە، کە لەبنچینەدا بۆ کیشوەری ئەفریقا بەکارهێناوە، چونکە لە یارییە ئۆلۆمپییەکاندا بازنەی ڕەش، بووە شوناسی و٧٥٪ کیشوەرەکە ڕەشپێست و ئەسمەرن، لەبنچینەشدا ڕەنگی ڕەش، ڕەنگی مانای کۆتاییهێنانی چەمکی ڕەگەزپەرستی دێت، وەك دەڵێت:

ئیتر ئەوسا .... من لێرەوە..قاڕەی پێست ڕەش و
پێست زەردو ..قاڕەی سپی و سەوزو سوورم
یەك یەك دوان..................ل٢٩٢

٢– بەمەدلولکراو: بەخشینی مانای مەدلولییە بە ڕەنگەکە، لێرەدا ڕەش بەخشینی مانای خەم و نەهامەتی و ستەم دەگەیەنیت، چونکە ڕەش بووەتە ناسنامەی هێزی ڕەش و دەستپێکی تاریکی، بۆیە بەردەوام لەم بارودۆخەدا ڕەش وەك وەرزی زستان دەناسێنێ، وەك دەڵێت:

وەختێك فوو ئەکەم بە ڕەشدا، ڕوباری ڕەشی زوخاوێ
ئەهەژێت و شەپۆلی کوێر خۆی ئەکێشێ بە کەناری شەوی منداو
تەم و مژی کێوە ڕەشێ، لە هەردوو قاچی کۆچمەوە .
تا سەروملی زایەڵەم دائەگرێت و لە دەراڵی تەنگەبەری
هەناسەیشما، ڕەشەبایەك،(با)یەکی ڕەش،
بە گڤە گڤی پرسیارو سۆراخەوە دێت و دەچێ
ئەو وەختەی کە ڕەش ئەژەنم
سەرپۆشی ڕەشی ژنانی شیعرستانم و گوڵی ڕەشی
کچەکانی و بسکی درێژی شیوەنی زستانێکم تێ ئەئاڵێ.............ل٢٩٠

ا– وەك نێگەتیڤ: شاعیر زۆر بە راشکاوی ڕەنگی ڕەش لەڕێگەی دایکییەوە دەناسێنیت، بەمانایەکی دی دەیەوێت ئازارو خەمەکانی دایکی، بکاتە دەروازەیەکی ناسینی بەئازارو خەمی ڕەنگی ڕەش، ئەمەش لەوەوەیە دایکی هەر لە

منداڵییەوە، جگە لە ئەرکی دایکایەتی، بووەتە باوك و مامۆستاو......تاد، لەپێناو منداڵەکانی دنیایەك هەورازو نشێو، ساردوگەرمی، هەژاری و نەداری دیوە، بەڵام کۆڵی نەداوە، بۆیە لەم موعاناتەوە دەیەوێت واتاکانی رەشمان پێبڵێت، وەك دەڵێت:

هەتاکو دایکم نەناسی تۆ ڕەنگی ڕەش نەناسیت و

لە هێمای ڕەش ناگەیت.شەوت بۆ ناخوێنرێتەوە...............ل٢٩٩

یاخود دەڵێت: لە ناو شەوێکی چڕدایەو

لە مێژویەکی ڕەشدایە.............................ل٣٨٤

واتە کوردستان و نیشتمان وەك شوێن، شوێنیەکی ترسناکەو مێژوش ئەمەی سەلماندوە.

یان: دەرکەوت کەلەم وڵاتەدا ڕەنگی(ڕەشباوی بێزاری)

لە هەموو رەنگێك زۆرتر بوو........................ل٣٩٧

واتە ئەگەر زەمەنی کوردستان پۆلینبکەین، ئەوا رەش گەورەترین و زۆرترین بەشی بەردەکەوێت، بەهۆی زوڵم و ستەمی دوژمنەوە.

ب- وەك پۆزەتیڤ:رەنگی رەش بەشێوە گشتییەکەی، مانای نێگەتیڤ دەگەیەنێت، بەڵام شاعیر بە پێچەوانەوە ئەم رەنگە لەو بازنە بەدەردەکات و سیمایەکی ئیستاتیکی پێدەبەخشێت، بەتایبەتی ئەگەر یارەکەی سپی پیست بێت، رەش دەبێتە هێزی ناساندنی جوانیەکەی، وەك دەڵێت:

ئەشێ لای تۆ ڕەنگی ڕەش بیێ بە ڕەنگی

مەرگی باخچە و ڕەنگی گریان و تابوتی سەرنجدان و

پرسەی ئاوو لاواندنەوەی گوڵە باخ و،

تارمایی ژین...

کەچی لای من هەر ئەو ڕەنگە

ئەبێ بە جوانترین ڕەنگی پرشنگداری دەم بە خەندە و

ئەبێ بەشەوی مۆسیقاو ڕەنگی بەفرو

بەخوێنی گەرمی خەمێکی شێوە شیرین

وەختێك یارم، گوڵی سپیم

تاریکیەك لەبەر ئەکاو ڕەش ئەپۆشێ.............ل٣٠٩

یاخود دەڵێت: من دڵنیام ئەو وەختەی سەرت دەرهێنا

لە کام ئاسۆدا زۆر ڕەشە

خاڵێکی سپیی ئەبینی!........ل٣٩٣

**٥.ڕەنگی سپی:**

شاعیر ڕەنگی سپی (٣٧) جار بەکارهێناوە، ڕەنگی سپی لەبنچینەدا ئاماژەیە بۆ ئاشتی و پاکی و ڕاستگۆیی، دڵسۆزی و بەرائەتی و قوربانیدان و پاکوخاوێنی و ڕوناکی و کرانەوەو دڵخۆشی، جگەلەمەش ئاماژەیە بۆ ساردی و بەستەڵکی و هیواو ئومێد لە ناو جەرگەی تاریکیدا، لە شیعریشدا بۆجوانی ئافرەت شکۆی پیاو بەکاردێت.

کەواتە ئەم ڕەنگە یەکێکە لە ڕەنگە ساردەکان و ئاماژەیە بۆ پاکی و بێگەردی و ڕاستگۆیی و ئاشتی و ....هتد، وا لەکەسەکان دەکات لەڕووی دەروونییەوە هەست بەئارامی بکەن [1] جگەلەمەش بەگشتی ڕەنگی سپی ڕەنگێکی پۆزەتیڤەو ئاماژەیە بۆ بێگەردی، ئاشتی، خۆبەدەستەوەدان، بەوەفایی.....هتد، ڕەنگی شتە خەیاڵییەکان، بەپێی میسۆلۆجیا خواوەندەکان جلی سپی لەبەردەکەن، لای خێڵی بورجین لە ئوستڕالیا رەنگی مردنە، لە ئیسلامیشدا کفن و جلی حەج و عەمرە سپییە.

سپی لای یۆنانیەکان نیشانەی دڵخۆشی و ڕەمزی پاکییە، لەهەندێك کاتدا نیشانەی شەرەف و ڕەمزی ئاشتی و پاکیە[2] رەنگی سپی لای ڕۆمانەکان پیرۆز بوو، بۆیە قوربانیان بۆ دەدا، چونکە پەیوەستکرابوو بەخواوەندەکانیانەوە، لای مەسیحیەکان جلی سپی لەبەردەکەن وەك هێمایەك بۆ مەسیح، کە ئاماژەیە بۆ پاکی و دورکەوتنەوە لە پیسی، لەمسریە کۆنەکان و بەتایبەتی فرعەون تاجی سپی لەسەردەکرد، وەك ئاماژە بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو میسردا و ژیان تێیدا بە ئاشتی و ئارامی [3] جوەکانیش پێیانوایە" خوا خۆی لە روناکی سپیدا پیشاندەدات، لەم روناکییە سپیەشەوە هەموو رەنگەکان سەریانهەڵداوە "[4] کەواتە سپی نیشانەی پاکی و ڕاستگۆییە و ئاماژەیە بەبەڵێ، بەپێچەوانەی ڕەشەوە، کە مانای نەخێرە، سپی لەشیعردا بەمانای جوانی ژن و گەورەیی پیاو و شەرەف و چاکە دێت. رەنگی سپی ئەو ڕەنگەیە کە مرۆڤ بە هۆیەوە هەست بە ئارامی دەکات، بۆیە زیاتر ئاماژەیە بۆ لایەنی پۆزەتیڤ، چونکە بەڵگەی بوونی پاکی ژن و سەروەری و گەورەیی پیاوە.

١. وەك رەنگی سپی:مەبەست لە رەنگی سپی، رەنگی کیشوەری بەستەلەکی باشورەو ناسراوەبە(ئەنتارکتیکا)و بەفرو بەستەڵەك ٩٨٪ داپۆشیوە، وەك دەڵێت:

ئیتر ئەوسا ..من لێرەوە قارەی پێست ڕەش و
پێست زەردو ...قاڕەی سپی و سەوزو سوورم
یەك یەك دووان..................ل٢٩٢

یان: ئێواران هەموو جار ئیواران
لە ژێللا پۆلە مەل:رەش، سپی، خاڵ خاڵ و زەرد باو و
پەمەیی ونارنجی
دێنەوە ئێرە.............ل٣١٣

١.شكرى عبدالوهاب ،الاضاءة المسرحية ،الهية المصريه للكتاب ، القاهرة ، ١٩٨٥،ص٨٥
٢.ابراهیم محمود خلیل، النقد الادبی الحدیث ، من المحاكات الی التفكيك، بيروت ٢٠٠٧،ص١٠٨
٣. د.احمد مختار عمر ، اللغة و اللون، القاهرة ، عالم الكتب،ط٢،ص١٦٣
٤- د. محمد كمال، رمزية الالوان بين الاديان اليهودية و الاسلام،د.ط. pdf،ص٢٣

ب. بەمەدلولكراو:ڕەنگی سپی مانای هیواو ئومێدەكان، ئەوانەی لە هێمنی و ئارامی و بە هیواوە دەژین و دەیانەوێت بژین بۆ ژیان، بۆیە بەردەوام ئەمانە ستەمیان لێدەكرێت، وەك دەڵێت:

ئەو شینانەی لە قەراخ شار لاشەكانیان دۆزرانەوە

ئەو سپیانەی هەر بە ئاسمانەوە كوژران.............ل٣٠٢

سپی لێرەدا بەمانای كیژۆڵەی كورد دێت كە ڕۆڵی پەریزەكان دەبینێت، كە هەر زوو زیندەبەچاڵ كراون.

یان: ئەو دەمەی سپی ئەژەنم ... هەر پەپولەی سپی خەونەو،

هەر نەورەسی سپی شیعرەو... هەر حەیرانی بەفران بارەو.....ل٢٩٠

ت. دوانەی دژ:ڕەنگەكانی ڕەش و سپی دوو ڕەنگی دژ بەیەكن، بۆیە لە بوونی یەكێكیان ئەوی دی نامێنێت، یاخود لە هێزی ئامادەیی یەكێكیان، ڕادەی مانەوەی ئەوی تریان دەردەخات، بۆیە لەگەڵ بوونی ئازادی و هیوا، خەمەكان نامێنن، بەپێچەوانەشەوە دروستە، بەڵام سپی بەهێزترو هیوای مانەوەو بەردەوامی هەیە، بۆیە بە دەركەوتنی هەتاو، بەردەوام سێبەر دەبێتە ڕەنگی پاشكۆ، وەك دەڵێت:

لە تابلۆما ڕەش و سپی

بەراییەك لە دەشتی زەین دروست ئەكەن

نیوەی هەتاو ،نیوەی سێبەر

كەهەتاو بچێ بۆ سەفەر

سێبەر ئەخاتە پاشكۆی و دوور دوور ئەڕوا

ئەو سا ئیتر لە تابلۆما، بەفر ئەبارێ و

قەڵە ڕەشكە پەیدا ئەبێ سەوزیش ئەنوێ

دیسانەوە جارێكی تر ڕەش و سپی

بە دوای یەكترا دێنەوە

ئەمجارەیان ئەویان قژی ژنە كە(با) دەیبات و

ئەویتریان شەوقدانەوەی شیعرێكی خۆم...........ل٣٠٧

ڕەش و سپی هاوسەنگی مانایی دروستدەكان، یان دوو ڕەنگی پێكەوەیی، واتە پێكەوەژیان، بەڵام دواتر بەهۆی دابڕان، یان تێكشكانی پەیوەندییەكان جودا دەبنەوەو ڕەشەكە دەبێتەوە بە ڕەشەكەی جاران، بەمەش سروشتی ڕەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران، واتە ئێمەی كورد هەر لەسەردەمی ئیسلامەوە وتومانە برایەتی كوردو عەرەب، بەڵام دواتر دەركەوت كە ڕەنگەكان بەهۆی زوڵمی(ئەوی بەرامبەر) یەكناگرێتەوەو جودا دەبنەوە، ئەویش بەوەی كورد هەر كوردەو عەرەبیش هەر عەرەب.

یاخود ڕەنگە دژەكان هەموویان مانای خۆیان ناگەیەنن، بەمانایەكی تر، مەرج نییە كەسی دڵخۆش لە بنجینەدا دڵخۆشبێت، یان ئازارو مەینەتییەكان، لەئاكامدا پێچەوانەكانیان لێبكەوێتەوە، بۆیە هەندێ كات ڕەشەكان خۆیان سپی دەنوێنن و سپیەكانیش بەهەمان شێوە، وەك دەڵێت:

لە تابلۆما رەش و سپی
ئەچنە ناو ڕۆحی یەکەوە...
چارشێوەکانی رواڵەت فڕێ ئەدەن
رەنگە، هاواری ستڕانێ رەش پۆش بێت و
رەنگە برینێك سپی پۆش
ئەشێ ئازارێك سپی بێ و
گوڵزاری ڕەش
لە تابلۆما رەش و سپی
من هەندی جار .... رەشەکانم پێ ئەکەنن و
سپیم ئەگریێ................ل٣٠٨
یان: لەو دۆڵەدا ڕەنگەکانمان بێ کاڵا بوون،
ڕەنگەکانمان خەویان کراسی سپی و
بەقاتێکی ڕەنگ زەیتوونی و
بەگوڵی سەر بۆینباخ و
قۆپچەی سەر قۆڵەوە ئەدی...........ل٣٣١

یاخود رەنگی سپی وەك هێمای ئاشتی و ئارامی و پێکەوە ژیان بەکاردەهێنێت، بەڵام وەك گەلی کورد بە گەلێکی ئاشتی خوازو دوور لەشەڕەنگێزی دەبینێ، بەڵام ئەو خەبات و رووبەرووبوونەوەو راپەڕینانەی، کە لە مێژودا هەبوون، ئەودەسەڵاتانەن کە بەردەوام کوردستانیان کردوەتە شوێنی مەرگ و چەوسانەوە، وەك دەڵێت:

من چیبکەم لە نیشتیمانی ناو خوێناو
ئەو هەموو شیعرەی پێ نوسیم
من ئەبوایە ڕەنگی سپی باڵم بێ
بەڵام چیبکەم لە ئاسمانێ، کە بەردەوام هەورێ دێنێ.
پڕە لەشەستی زامان و پڕە لە شەستی گریان و
دووکەڵ ئەکا بە قەدەرم و چاوی مێژووم
هەر بە تەنها بەرایی رەنگی هەمووتاو
کۆست ئەبینێ..........................ل٣٥٤

یاخود دەڵێت: وا راهاتووم شەوانیش
ئەگەری شەوی بەفرانبار بوو
ئەو شەوانە، شەوی سپی، نەدەم بەکەس

**بچمە بەر پەنجەرەی ژووری**

**تەنیاییم و**

**بە تەنها هەر، لە سپێتی وردبیمەوەو**

**بەفر شیعرم بۆ بنوسێ و**

**خۆم نەنووسم.......................ل٣٨١**

**شاعیر دەنگی سپی وەك دەنگی ئاشتی و پێكەوەژیان دەخاتەروو، دەنگێك دەیەوێت بۆ مرۆڤایەتی بێت بەبێ جیاوازی، واتە هێمای ئاشتی و ئارامی و قوربانیدانە، بۆیە لە هیچ وەرزو بارودۆخێكدا، جگە لە زمانی گوڵ و ئاشتی و هیوا، هیچی تر نازانێت، هەموو ئەمانەش لەخاسیەتی لەمەسیحەوە وەرگرتوە، وەك دەڵێت:**

**ڕەنگێك هەیە.. هێزی ئەفسانەی خواوەندی لە ناودایە**

**سیحرەكانی عەسای موسای لە ناو دەستاو**

**دەنگی سپی پڕ پەپوولەی**

**مەسیحیشی لە دەنگدایە**

**سیاساڵ بێ ئەو بارانی لە چاودایە**

**لە وەریندا گوڵی پێیەو**

**لە ناو وەرزی نابیناشدا**

**ئەو هەناوی چرای تیایە.............ل٣٨٩**

**دیسانەوە ژیان لەناو هیواو ئومێددا، یاخود بڕوابوون بە پاكی و ژیاندۆستی، واتلێدەكات بەردەوام بەهیواوە دەژین، بۆیە بەر لە هەرشتێك دەبێت بڕوات بەوە هەبێت، ئەوەی چاوەڕێی هیواو دوارۆژە، كە روناكی و خواستە، لەلایەك بەردەوام لەم رێگەوە هەوڵی بۆ بدات، لەلایەكی ترەوە دەبێت بەم گیانەوە لە ژیان بڕوانێت، وەك دەڵێت:**

**سەرت بكە بە ڕۆشنایی ناو سپێدا**

**چاوت لە بنیا بكەوە**

**من دڵنیام ئەو وەختەی سەرت دەرهێنا**

**لە كام ئاسۆدا زۆر رەشە**

**خاڵێكی سپی ئەبینی..................ل٣٩٢**

**یاخود دەڵێت: ئەو سەردەمێ... ڕەنگی ڕۆح بوو**

**لەناو هۆنراوەی سپیدا..ل٤١٦**

## ٦.ڕەنگی زەرد:

ڕەنگی زەرد یەکێکە لە ڕەنگە باوەکان و ئاماژە بەگەشانەوە، لەهەمانکاتیشدا هەڵهاتن دەکات، ڕەنگی ڕوناکی و نورانیە، چونکە ڕەنگی خۆر سەرچاوەی ڕوناکییە، سەرچاوەی وزەو ژیان و چالاکیە........هتد[1]

لەکۆندا ئاماژە بووە بۆ کۆتایی و مردن و خوای خۆر[2] هەندێ جاریش ئاماژەیە بۆ خۆشی و وشکانی و وەرین و کۆتایی و مردن.....هتد

ڕەنگی زەرد پەیوەستە بە ژیان و خۆشی و گەعدەو جوانی ژن، ڕەنگی خۆرو سەرچاوەی وزەیە، لای مسرییە کۆنەکان ڕەمزی خوای خۆر(رع)و پارێزگاری نەخۆشیە، بەدەرلەمانەش ڕەنگی زەرد بەهۆی پەیوەندی بە سپێتی و تیشکی ڕۆژەوە، پەیوەست دەبێت بە هاندان و ئامادەکاری بۆ چالاکی، کەواتە ڕەنگێکە لەلایەك ئاماژەیە بەلایەنی نێگەتیڤ، لەهەمانکاتیشدا دەتوانێت ببێتە ڕەنگی نێگەتیڤ، جگەلەمەش بەمانای جوانیەکان دێت و هەر تاڵێکی دبێتە مرواری بۆ ئەوانەی کە نرخی دەزانن، دواتر ئەم ڕەنگە کە لە ئاڵای کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەمانای یەکگرتن و یەك ریزی دێت، یان یەك پارچەیی خاك و هێزەکان.

١- وەك زەرد: کیشوەری زەرد مەبەست لە کیشوەری ئاسیایە، چونکە مرۆڤی ئاسیایی پیست زەردن، واتە هەمان مانای ڕەنگی زەرد دەگەیەنێت، وەك دەڵێت:

ئیتر ئەوسا .... من لێرەوە..قارەی پێست ڕەش و
پێست زەردو ..قارەی سپی و سەوزو سوورم
یەك یەك دوان................ل٢٩٢

یاخود دەڵێت: قامیش بۆخۆی ڕەنگی باڵای هەر یەك ڕەنگە، زەردێکی کاڵ
کەچی وەختێ عەشق ئەژەنێ
لە کونەکانی برین و لەزاریەوەو لە چاویەوە.
بەسەدان بەژنی ڕەنگاوڕەنگ
ئەبن بە کۆلکە ڕەنگینە و
دێنە دەرێ..................ل٣٨٨

کەواتە وەك ڕەنگ، ڕەنگی زەردە، بەڵام خودی قامیشەکەو ئەو ئاوازی ژەنینەی هەڵگری چەندین ماناو توانست و عیشق و.....تاد

٢- بەمەدلولکراو: ڕەنگی زەرد، ڕەنگیماندوبوون و هەژاری و کەمدەرامەتی.....تاد دەگەیەنێت، بەشێوازێك هەموو ئەمانە لە کایەکانی ژیان و بووندا ڕەنگیداوەتەوە، وەك دەڵێت:

بەبرسیەتی ڕەنگێکی هەبوو، دڕو چەموش،

---

١. .شکری عبدالوهاب ،الاضاءة المسرحیة ،الهیئة المصریه للکتاب ، القاهرة ، ١٩٨٥،ص٧٩
٢. د.احمد مختار عمر ، اللغة و اللون، القاهرة ، عالم الکتب،ط٢،ص١٦٣

لە ناو هۆدەکەی ئێمەدا،هەر بە ڕەنگی زەردێکی کاڵ

لەسەر لیو و لەسەر گەردنی دایکم و لەسەر سەبەتەی نانەکەو

لەسەر گۆنای خوشکەکەم و لەدەفتەری رەسمی مندا

لەسەر جانتای پەڕۆی مەکتەب ،ئیشی ئەکرد.............ل٢٩٤

یاخود زمانی زەرد، واتە بەکارهێنانی زمانی خۆشی و خۆشەویستی یەکگرتن و ژیانی بەکۆمەڵی و....، هەروەها لەبەرامبەریشدا زمانی سووریش زمانی خۆشەویستییەکی جەریئانەیە، بەمانایەکی تر زەرد لەرووی کارنامەوە وەك سوور ئاماژەیە بۆ ئازارەکانی شاعیر، وەك سۆسیالست و دیموکراسییەکان، وەك دەڵێت:

من ئەمجارە لە سحرەکانی رەنگەوە

دێمەوە ناو نیگاتانەوە

من بە زمانی زەردو سوور ئەتاندوێنم

رەنگ ژنە، وەختێ ئەمانکا بەسترانێکی ئاڵ ئاڵ

رەنگی شیعر...وەختێ ئەمانکا بە پرسیارێکی گوڵ گوڵی....................ل٢٩٨

رەنگی زەردەڵەی باریك، ئاماژەیە بۆ کەسێکی ماندو قوربانیدەر، گەیشتنە ناو ئەشکەنجەی گیانی ژنیش، هەروا کارێکی ئاسان نییە، بۆیە دەیەوێت بڵێت کەسێکە لەپێناو پشتیوانیکردنی دۆزەکەدایە، وەك دەڵێت:

لەریی ڕەنگێکی زەردەڵەی باریکەوە

من گەیشتمە ناو ئەشکەنجەی گیانی ژنی ئەم وڵاتە........ل٣٠١

١- پۆزەتیڤ:مەبەست لەو ئاماژەیە کە شاعیر رەنگ لەمانا سەرەکییەکەی، کە رەنگی وشکبوون و دابڕان دەگەیەنێت، پێچەوانە بکاتەوەو بیکاتە رەنگی هیواو ئومێد و خۆشەویستی، ئەمەش ئاماژەیە بە رۆمانسیەت وەك شیعری پایز پایزی گۆران، بەڵام بەلای ریالیزمەکانەوە و لای شێرکۆ ماناکان جێگۆرکێدەکەن، وەك دەڵێت:

ئەشێ لای تۆ ڕەنگی زەرد بێ بەڕەنگی تێکشکان و

ڕەنگی باوێشکدانی پایز،بێ بەڕەنگی ئاویلکەی

هیوایەکی کزو نەخۆش،بێ بەڕەنگی دابڕان

لە نێوان دوو گۆرانی و دوو باڵندەو دوو دڵدارا.

کەچی لای من هەر ئەو ڕەنگە

ئەبێ بەڕەنگی پێکەنین

ئەبێ بەڕەنگی دیداری ئێوارانی خۆشەویستی

بە مانگەشەوی خەو بینین

هەردوو کێڵگەی گوڵبەرۆژەو زاری خۆر

وام پێدەڵێن.............ل٣٠٨

یاخود دەڵێت:من لە وەرزی دابڕاندا
پەڕەموچم کرد بەناو قووڵایی زەردا
زەرد گرتمی و
زەرد ڕایکێشام بۆ بنەوە
لەو ساتەوە من بووم بە زەردە ماسییەك
جۆگەجۆگەو ڕووبار ڕووبار ئەگەڕێم و
لە سۆراخی خەونەکانی یاقوتێکدام...........ل٣١٠

ب- نێگەتیڤ: شاعیر ڕەنگی زەردی وەك ڕەنگی شەرمەندەو خەجاڵەتی هێناوەو دەیەوێت بڵێت گوڵاڵە کە ڕەمزی جوانی و بۆنخۆشی و کرانەوەی دڵەکانە، چۆن دەبێت لەبەرامبەر ستەمدا چۆکدابدات، بۆیە هەر هەوڵێکی لەو شێوە، نەك هەیمەنەو بەهای ناهێڵێت، بەڵکو بەدرێژایی مێژوو ڕەنگ زەردی ئەم هەڵوێستانەیەتی، وەك دەڵێت:

گوڵاڵەیەك
بۆ توتركێك نوشتایەوە
دەستی ماچ کرد
کە لێبۆوەو هەستایەوە
ڕەنگی سووری
ڕژابووە بەر پێی توترك و
هەتا مردن
بە داخی ڕەنگی زەردەوە تلایەوە................ل٣٩٨

لەراستیدا لێرەدا ڕەنگی زەرد ڕەنگی ئایدیالیزمە، نەك پێچەوانەکەی، چونکە لە پشت ئەمەوە چیرۆکێك هەیە وەك ئەوەی بەرپرسان کڕنوش دەبەن بۆ دوژمنان، کە دواتر خەجاڵەتییان بەرامبەر خاك و نیشتمان بۆ دەمێنێتەوە، چونکە دوژمن جگە لە زەلیلکردن و شکاندنی بەرامبەر هیچی دی لێناوەشێتەوە، بۆیە لێرەدا ئاماژەیە بۆ ڕەنگ زەردی و زەلیلی.

**ئەنجام :**

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەگەینە ئەوەی کە:

١. جۆری ڕوانینی مرۆڤەکان لەسروشت و دەوروبەری، کاریگەری لەسەر جیاوازی ڕوانین و جیهانبینی کەسەکەوە هەیە.

٢. ڕەنگەکان هەر لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەوە تاوەکو ئەمڕۆ، ئامادەبوونێکی چالاکیان هەبووە و ڕۆڵی جیاوازیان گێڕاوە.

٣. کێشانی وێنەی ژیان، یان جیهان بەبێ ڕەنگ شتێکی بێمانایە، چونکە ڕەنگ لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیی و ڕۆڵی هەیە.

٤. خستنەگەری ڕەنگ لەناخی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرێت.

٥. ڕەنگ پەیوەندی بەژیانی ڕۆژانەوە هەیە و بەشێکە لە ژیان و لێی جیانابێتەوە.

٦. ڕەنگ زمانی عاقڵەکانە و شتەکان هەستپێدەکەن.

٧. شاعیر هەست و سۆزەکانی خۆی بەڕەنگ وێنە دەکێشێت.

٨. شاعیر (١٢١٩) جار ڕەنگی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەکارهێناوە.

٩. شاعیر نە ڕەنگەکان، نە ناونانی دیوانێك بەڕەنگدان لەخۆوە نییەو نەبووە، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەژینگەو لایەنی دەروونی و ڕۆشنبیری و کلتوری ...هتد هەبووە.

١٠. زۆرترین ڕەنگ کە شاعیر لەم دیوانەدا بەکاریهێنابن، ڕەنگەکانی ( شین، سوور، ڕەش) ن.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کوردییەکان:

١.شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی(٥) ڕەنگدان، سوید ، ٢٠٠٩
٢.د. لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە، دەزگای ئایدیا، ٢٠١٦

### دووەم: عەرەبییەکان:

١.ابراهيم محمود خليل، النقد الادبي الحديث ، من المحاكات الي التفكيك، بيروت ٢٠٠٧
٢.د. احمد مختار عمر ، اللغة و اللون، القاهرة، عالم الكتب،١٩٨١
٣.اسعد علي، مسرح الجمال والحب والفن في حميم الانسان، دارالرائد، بيروت،ط٣، ١٩٨١
٤.د. جميل حمداوي، الاتجاهات السيميوطيقية، مكتب المثقف، ٢٠١٥
٥. رياض عبد الفتاح، التكوين في الفنون التشكيلية، دار النهضة العربية،1974
٦.شكري عبدالوهاب، الاضاءة المسرحية، الهيئة المصرية للكتاب ، القاهرة ، ١٩٨٥
٧.د. عبدالغفار مكاوي، قصيدة و صورة،عالم المعرفة،١٩٨٧

٨. عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و السيمياء الادب، منشورات الاختلاف،بيروت،٢٠١٠

٩.فايز عارف سليمان القرعان، الوشم والوشي في الشعر الجاهلي، رسال جامعية، جامع اليرموك ،١٩٨٤

١٠. د. فرج عبدالقادر طه واخرون، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، دار سعاد الصباح، كويت، ط١، ١٩٩٣

١١.فرديناد دي سوسير ، ترجمة عبدالقادر قنيني ، محاضرات في علم اللسان العام ، دار البيضاو ، افريقا الشرق ،١٩٨٧

١٢.كلود عبيد، الالوان، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،٢٠١٣

١٣. محمد عزام ، النقد والدلالة ، نحو تحليل السيميائى للادب، منشورات وزارة الثقافة، سوورية ، دمشق ، ١٩٩٦

١٤. د. محمد كمال، رمزية الالوان بين الاديان اليهودية و الاسلام،د.ط. pdf.

## سێیەم: فارسییەکان:

١.محمد رضا عمران بور، اهميت عناصر و ويذطي هاي ساختاري واذة در طزينيش واذةكان شعظ، نشرية طوهر طويا،١٣٨٦ .

## گۆڤار:

١.هواري حمادي ، سيميائيات المنطق اليوناني، جامعة معسكر، الجزائر ، مجلة أليقونات ، عدد (٢) ، ٢٠٠٨

٢. نيكوبخت و قاسم زادة،زةمينةهاي نمادين رنط در شعر معاصر،نشرية دانشكدة(ادبيات و علوم انساني دانشطاة شهيد باهنر، كرمان، ذ ١٨ ، ١٣٨٤

### نامە:

١.حاتمي آبادي ليلا و آخرون، الجمال اللونى فى الشعر العربى من خلال التنوع الدلالى، رسالة جامعية، ١٣٩٠ .

.